### بەدواداچوونێکی تر لەسەر تاڵانکردنی ستۆدیۆی رۆژهەڵات تیڤی لەسویدو دوایین کۆنگرەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی ئێران

## ئەبوبەکر مودەڕیسی:

# کلیل بە دەس خەڵکانی دیکەشەوە بووە، بۆ ئەوەی بتوانن هاتوچۆی ستۆدیۆ بکەنو ئیمکانی کۆپیکردنی ئەو کلیلەش بە ئاسانی هەبووە

لە درێژەی بەدواداچوونەکانماندا سەبارەت بە کێشەکانی ئەم دواییەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی زەحمەتکێشانو ئەو دزییەی لە ستۆدیۆی رۆژهەڵات تیڤی لە سوید کراوە، ئەمجارە پەیوەندیمان بە ئەبوبەکری مودەریسی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی زەحمەتکێشانەوە کردو چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد. هەر لە پەیوەندی لەگەڵ قسەکانی عومەری ئیلخانیزادەشدا کە هەفتەی رابردوو بڵاومانکردەوە، سالاری ئاشناگەری تۆمەتبار کرد. بوو بەوەی کلیلی ستۆدیۆی رۆژهەڵات تیڤیی لا بووە، ناوبراویش بە روونکردنەوەیک پەیوەندی بە رۆژنامەکەمانەوە کرد.

چاودێر وەک ئەرکی رۆژنامەنوسی دەقی روونکردنەوەکەی سالاری ئاشناگەر هەر لەگەڵ ئەم بابەتە دادەبەزێنێت.

**چاودێر: کاک ئەبوبەکر سەبارەت بەو دزییەی لە ستۆدیۆی رۆژهەڵات تیڤی کراوە لە سوید، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسی ستۆکهۆڵم گەشتۆتە کوێ؟**

ئەبوبەکر مودەڕیسی: هەتا رۆژی هەینی کە دوا هەواڵەکانمان پێگەیشتووە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە تاڵان

> **دڵنیام ئەگەر ئێمە لەهەلو مەرجێکی سیاسی جیاوازدا بوینایەو خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان ئیمکانی ئەوەیان هەبوایە کە بۆچوونی خۆیان راشکاوانە دەربڕیبا، ئێمە بەرەورووی شەپۆلێکی گەورەی نارەزایی دەبووینەوە**

کردنی ستۆدیۆی رۆژهەڵات تیڤی لە سوید، نەگەیشتۆتە ئەوەی ئەنجامدەرانی ئەو دزییە دۆزرابێتنەوە یان شوێنیان هەڵگیرابێت، یان گەر شتێکیش لەو بارەوە لە ئارادا بوویێت، پۆلیس زانیارییەکی وەهای بە ئێمە نەداوە. بەڵام زۆر روونە کە مەسەلەکە دزییەکی ئاسایی نییەو بۆ پارەو شتی وا رووی نەداوە، چونکە ئارشیڤی خودی ستۆدیۆکەو هەروەها کۆمەڵێک کەرەستەو کەلو پەلی زۆر گرنگ کە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرنامەو شتی وا بەکار دەهاتن دزراوە. ئاشکرایە کە دزییەکی ئاسایی روی نەداوە.

**چاودێر: پێتانوایە ئەو دزییە پەیوەندی بە دوا کۆنگرەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانو هەڵبژاردنەوەی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی وەک سکرتێری گشتی ئەو حزبەوە هەبێت ؟**

ئەبوبەکر مودەڕیسی: بێگومان، بە بڕوای من پەیوەندی هەیە بەو مەسەلەوە. کەسانێک هەن کە ئێستاو پێشوتریش خۆیان بە لایەنی کەمینەی راگەیەندراو لە گۆمەڵە دەزانن. ئەوەی کە ئایا ئەوە شتەیەکی پلان بۆ دارێژراوەو بە تەواوی بە ئاگاداری وتەبێژانی ئەو کەمینەوە گوترابێت، من پروپاگەندەی ئەوە ناکەم، ئەوە ئیشێکی یاساییەو دەبێ بسەلمێتو گەر نەسەلمێت، کەس ناتوانێت وەها پرو پاگەندەیەک بکات. بەڵام وەک باسم کرد لەبەر ئەوەی دزییەکە دزییەکی ئاسایی نییە، بێگومان پەیوەندی بەو مەسەلەوە هەیەو ئەو کەسانە تەنیا کەسانێکن کە لە باری ئەنگێزەوە سوودیان وەرگرتووە لە داخستنی تەلەڤزیۆن ئەویش رێک لە شەوی کۆتایی هاتنی کۆنگرەدا. بەتایبەتیش کە هەر بۆ سبەی شەویشی هەوڵێکی بێ سەرئەنجامی لەو چەشنە لە ناو ئۆردووگاشدا درا بە مەبەستی تاڵان کردنو یان تێکدانی ستۆدیۆی ئۆردووگا، کە بە هۆشیاری هاورێیانمان بەر پەرچدرایەوەو پووچەڵکرایەوە.

**چاودێر: ستۆدیۆی رۆژهەڵات تیڤی لە ستۆکهۆڵم، زۆرتر بە دەست باڵی زۆرینەوە بوو یان کەمینە؟**

ئەبوبەکر مودەڕیسی: دەستەی کارگێری ستۆدیۆکەو تەنانەت کارمەندەکانیش سەر بە هەردوو باڵەکە بوونو هەتا دوا رۆژەکانیش هەر پێکەوە ئیشو کارەکانی تەلەفزیۆنەکەیان تێپەڕاندووەو بەو شێوەیە نەبووە کە تەلەفزیۆنەکە لە دەست یەکێک لە باڵەکاندا بوو بێتو هەردوو لا دەستیان بە ستۆدیۆکە راگەیشتووە.

چاودێر: باڵی کەمینە باس لەوە دەکەن کە کلیلی ستۆدیۆکە بە دەس یەکێک لە ئەندامانی باڵی زۆرینەوە بووەو کلیلەکەش گۆڕدراوە. لەو بارەوە چ روونکردنەوەیەکتان هەیە؟

ئەبوبەکر مودەڕیسی: بەڵێ راستە کلیلەکە گۆڕدراوە. هۆیەکەشی ئەوە بووە کە هەندێک لەو کەسانەی لەو تەلەفزیۆنە کاریان دەکردو لە دەستەی کارگێڕیش بوون، ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا خۆیان کێشابووەوە بە بێ ئاگادار کردنەوەی ئەندامانی دەستەی کارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتی ئەو کۆمپانیانەی کە تەلەڤزیۆنەکە بە ناویان کراوە، لە هەمان کاتدا پۆستەکانیان هێشتبۆوە. ئەوەش کارێکی نا ئاساییەو هەر بەو هۆیەشەوەو بە هۆی باری تەکنیکیو ئەمنیشەوە بوو کە ئەو هاورێیەمان کلیلەکەی گۆڕیوەو دیارە پۆلیسیشی لەو گۆڕینە ئاگادار کردۆتەوە. بەو شێوەیەش نەبووە کە ئەو کلیلە تەنیا بە دەست ئەو هاورێیەمانەوە بووبێت، نەخێر.. کلیل بە دەس خەڵکانی دیکەشەوە بووە بۆ ئەوەی بتوانن هاتوچۆی ستۆدیۆ بکەنو ئیمکانی کۆپی کردنی ئەو کلیلەش بە ئاسانی هەبووە، دیارە پۆلیسیش لەوە ئاگادار کراوەتەوە.

**چاودێر: ئایا باڵی کەمینە جیا بوونەوەی خۆی راگەیاندووە؟**

ئەبوبەکر مودەڕیسی: نەخێر جیابوونەوە تا ئێستا رانەگەیەندراوە، بەڵام ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێمەوە و کۆنگرەی دوازدەهەمیشەوەهەبێت، هەتا ئێستاش هیواداریین باڵی کەمینەی پێشوو بتوانێت لە رەهبەری کۆمەڵەدا بەشداری بکات. رێژەیەکیان بۆ دیاری کراوەو ئێمە ئامادەین بە زووترین کات بگەڕێینەوە سەر مێزی گفتوگۆ. بەڵام وادیارە کەسانێک هەن لە ناو باڵی کەمینەدا کە بە هێنانە ئارای مەرجی نەگونجاو، پێیان ناخۆش نییە سەرجەم رەوتەکەو کێشەکە بەرەو جیابوونەوەو لێکترازان بەرن.

**چاودێر: باڵی کەمینە، کۆنگرەی (١٢)ەی کۆمەڵەیان بەشەرعی نەناسیوەو بەشدارییان تێدا نەکردووە، چۆن کۆنگرە به بێ بەشداری ئەوان بەڕێوە چووە؟**

ئەبوبەکر مودەڕیسی: ئەم کۆنگرەیە ماوەیەک لەوە پێش، لەدوەمین پلۆنیۆمی دوای کۆنگرەی "١١"ەوە، بەکۆی دەنگی بەشداربووانی ئەو پلۆنیۆمەو لەوانە هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە باڵی کەمینەی کومیتەی ناوەندییان پێک دەهێنا، تاریخی کۆنگرەکە دیاری کرابووو، تەنانەت دەتوانم بڵێم دوو تاریخ پێشنیاز کرا لەو پلۆنیۆمەدا کە لەمانگی ٢ی ئەوساڵدا بەسرا.

یەکیان تاریخێک بوو کە ئێمە پێشنیازمان کرد بڕێک زووتر بوو لەو تاریخەی هاورێیانی کەمینە پێشنیازیان کردو ئێمە لەبەر ئەوەی کێشە لەسەر تاریخی کۆنگرەکە نەیەتە پێشێ، تاریخی پێشنیازکراوی ئەوانمان پەسەند کرد بەکۆی دەنگەوە. هەر بۆیە تاریخی ئەم کۆنگرە لەپێشەوە دیاری کرابووو وە کۆتایی مانگی شەشو سەرەتای مانگی حەوت بەکردەوە بەجێگربوونی ئایین نامە، ئێمە یەکجاری دیکە لە ئەنجامی رێکەوتننامەیەک کە بوومان لەگەڵ هاورێیانی کەمینە، دڵنیا کراینەوە لەوەی کە ئەوان ئەگەر بۆچوونێکی دیکەشیان بێت، ملکەچی بڕیارەکە دەبن وە ئەوە ناکەنە کێشەیەکی گەورە، بۆیە بەکردەوە، کارەکانی سەرەتایی پەیوەست بەڕێورەسمی کۆنگرەمان دەست پێکردبوو. ناوەندەکانی دەنگدانمان دیاری کردبوو.

کارەکە لەسەر رەوتی خۆی دەچووە پێشەوە، بەڵام بەداخەوە دووبارە ئەو هاورێیانە مەسەلەی تاریخی کۆنگرەیان هێنایە پێشێو کردیانە بەهانەیەک بۆ زیندوو کردنەوەی دووبارەی کێشەکەو ئێمە بەکردەوە لەگەڵ چەشنێک لەبیانووگرتن بەرەوڕوو بووینەوە. لەبەر ئەوە لەو کاتەدا هیچ جۆرە رێگایەکی دیکە نەمابووەوە بۆ ئەوەی کۆنگرەکە لەتاریخی خۆیدا بەڕێوە بچێتو دواکەوتنی کۆنگرەمان بەلۆژیکی نەدەزانی. زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی کۆمەڵەش لەگەڵ بەڕێوەچوونی کۆنگرەدا بوونو هەموو ئامارەکان نیشان دەدات کە کەمتر یەک لەسەر سێی ئەندامانی کۆمەڵە لەگەڵ ئەوەدا بوون کە کۆنگرە دوا بخرێتو ئەوەش بەو مانایە نییە کە هەموو ئەو یەک لەسەر سێیەش کە بەشدار نەبوون، سەربەباڵی کەمینە بوونو هەندێکیان هۆکاری دیکەیان هەبووە بۆ بەشداری نەکردنیان. هەر بۆیە کۆنگرەش گیراو سەرکەوتووانە کاری خۆی بەڕێوە برد.

**چاودێر: تا چەند ئەگەری جیا بوونەوە لەم کێشانە بەدی ئەکرێت؟**

ئەبوبەکر مودەڕیسی: پێموایە فاکتەری دیاریکەر بۆ ئەوەی رەوتەکە بەرەو جیایی نەڕوات، پەیوەندی هەیە بەهاورێیانی سەر بەباڵی کەمینەن. لەبەر ئەوە ئێمە پێشنیارمان ئەوە بووە کە ئەوان بێنو لە رەهبەری کۆمەڵەدا بەشداربن. رێژەیەکی گونجاومان بۆ دیاری کردوون کە کەمتر نییە لەرێژەی بەشدار بوونیان لەکومیتەی مەرکەزی پێشوو.

بەبڕوای من ئەوە باشترین رێگایە بۆ ئەوەی کە ئێمە هەم کومیتە مەرکەزییەکمان هەبێت کە نوێنەرایەتی هەموو لایەک بکاتو هەم بتوانین وردە وردە لەدەورەیەکدا بەهاوکاری یەکتر لەیەکتر نزیک ببینەوەو کێشەکانیش، کێشەیەکی جیاوازی سیاسی ئەوتۆ نییە، بتوانیین بەرەو چارەسەری بەرین. تەنانەت ئەگەر ئەوان باوەڕیان بەجیاوازی بیرو باوەڕی خۆیان هەیە، با وا بێتو رایگرن، پەیڕەو پرۆگرامی ناوخۆی کۆنگرەی "١٢" رێگا بەوە دەدات کە هەمووان بەبیرو باوەڕی جیاوازەوە لەسەر باوەڕەکانیان بمێننەوەو قسەی لەسەر بکەنو لەسەری بنووسنو هیچ رێگرێک بۆ ئەوە نییەو ئەوەی لەوان چاوەڕوان دەکرێ ئیلتیزامە بەپەیڕەوی ناوخۆیی کۆمەڵەوە.

**چاودێر: کاریگەری ئەم کێشانە لە سەر رەوتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان نکولی لێناکرێت، وەکو دوا پرسیار بۆچوونتان لەو بارەوە چییە؟**

ئەبوبەکر مودەڕیسی: منیش لەگەڵ ئێوەدام ئێستە کە ئێمە زیاتر لەخەڵکانی دیکەو بەگشتی هەموو خەڵکیش باسی یەکگرتنو یەکگرتوویی‌و پێکهاتنی بەرەیەکی یەکگرتوو دەکەین، لێکترازانی ریزەکانی حزبە سیاسیەکان شتەیەک نیە کە خەڵک پێی خۆش بێتو شتەیەک نیە لەبەرژەوەندی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کورد بێت لەهەمان کاتدا من لەسەر ئەو بڕوایەم لەنێو کۆمەڵەدا، لەئێستادا هیچ هۆکارێکی گونجاو کە نیشان بدات بەهۆی جیاوازی لەرێبازی سیاسی دا هەیەو چیتر هاوکاری بە هەمو شێوەیەک نەگونجاوەو مانەوە لەنێو ریزەکانی حزبێکی سیاسیدا گونجاو نیە، وجودی نییە.

بۆیە منیش پێم وایە جگە لەزیان هیچ سوودێکی لێ ناکەوێتەوەو من دڵنیام ئەگەر ئێمە لەهەلو مەرجێکی سیاسی جیاوازدا بوینایەو خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات ئیمکانی ئەوەیان هەبوایە کە بۆچوونی خۆیان راشکاوانە دەربڕیبا، ئێمە بەرەورووی شەپۆلێکی گەورەی نارەزایی دەبووینەوە، بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ ئەو جۆرە کێشانە بەرەو جیاییو لێکترازان بەرن.■



## روونکردنەوەیەکی کورت

**بەرێزانی چاودێر!**

کاک عومەری ئیلخانیزادە لەوتووێژێک لەگەڵ رۆژنامەکەی ئێوەدا (لەژمارەی ١٤٠ی چاودێر) سەبارەت بەتاڵانکردنو دزی لەستۆدیوی رۆژهەڵات لەشاری ستۆکهۆڵم، ناوی منی وەک یەکێک لەو کەسانەی کلیلی ستۆدیۆی رۆژهەڵات تی ڤی گۆڕیوەو تەنیا کەسێک بووە کە ئەو کلیلەی پێبوە، هێناوە. دیارە ئەو ناو هێنانە ناڕاستەوخۆ وەک جۆرێک تۆمەت خستنە پاڵ من وەک یەکێک لەو کەسانەی گومانی ئەو کارەیان لێدەچێ. کۆمەڵە بەگشتیو منیش وەک یەکێک لەبەرپرسانی ئەو ستۆدیۆیە تا ئێستا لەراگەیاندنەکانو روونکردنەوەکانماندا لەهێنانی ناوی کەس بەراستەوخۆو یان ناراستەوخۆ وەک گومانلێکراو خۆمان پاراستووەو ئەگەریش بەڵگەیەکمان بوبێت هەوڵمان داوە وەک زانیاری بینێینە ئیختیاری پۆلیس. ئەو ناوبردنەی من لەلایەن کاک عومەرەوە ئەو پەری بێمەسئولییەتیە لەبەرامبەر هەمو ئەخلاقێکی دونیای موتەمەدین. کاک عومەر لانیکەم خۆی لەو دونیایە ژیاوەو نەدەبوایە ناوی لەمن هێناباو دەشزانێ کە ئەوە دەتوانێ تەنانەت تاوانێک بێت کە قابلی جەریمەو سزادانە.

با ئەوەش لەقسەکانی کاک عومەر راست کەمەوە کە من راستە هەر لەبەر خاتری ئەوە پێش بە روداوێکی لەو نەوعە بگرم قوفلو کلیلی ستۆدیوم گۆڕیوە، تەنانەت داوام لەبەرپرسانی ئیداری لەسوئێد کرد کە کۆدی قوفڵەکەش بگۆڕن. بەداخەوە ئەو کارەم بۆ جێبەجێ نەکراو کۆدەکە وەک خۆی مایەوە. راستکردنەوەکە ئەوەیە کە من تەنیا کەسێک نەبوم کە دەسترەسیم بەکلیلەکە بێت، من لەرووی متمانەوە لەئیختیاری کەسێکی دیکەم داناوە کە لەنزیکانی کاک عومەرەو بۆ خۆیشی دەزانێ مەبەستم کێیە.

ئەو جۆرە لێدوانانە لەلایەن کاک عومەرەوە تەنیا بەمەبەستی ئالۆز کردنی راستییەکانو چەواشەکردنە. پێموا نیە کاک عومەر نەیبیستبێ کە لەئۆردوگای کۆمەڵە چەند شەو لەوە پێش هەوڵێکی دیکە لەلایەن لاینگرانی خۆیەوە بەمەبەستی دوپات کردنەوەی ئەو روداوە لەستۆدیوکەی رۆژهەڵات ئەم جارەیان لەئۆردوگای کۆمەڵە دراکە بەخۆشیوە بەرپەرچ درایەوە. با ئەوەش بزاندرێ کە ئەگەر هەوڵی کەسانێک ئەوەیە لەبەرامبەر رای گشتی تاوانی ئەو کارە ناحەزە، لەسەرشانی هاوبیرانی خۆیان لابەنو تەنانەت بیخەنە ئەستۆی لایەنی بەرامبەریان، لەئۆردوگای ناوەندی لەبەرامبەر خەڵکی دیکە نایشارنەوە کە ئەوە کاری ئەوان بووەو شانازیشی پێوە دەکەن.■

**سالار ئاشناگەر بەرپرسی کاتی رۆژهەڵات تیڤی**

---

لەخۆرهەڵاتەوە

## بارودۆخی کەبوودوەند نالەبارە

**چاودێر:** "محەمەد سدیق کەبوودوەند" بەرپرسی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە دوایین پەیوەندی تەلەفۆنی دا لە گەڵ بنەماڵەکەی ئاماژەی بەوە کردووە کە ماوەی چەند رۆژە دوو کەسی تاوانبار بە ئاژاوەگێڕی بۆ شوێنی دەستبەسەری ناوبراو گوازراونەتەوە و هەربۆیە ناوبراو نارەزایی خۆی لە بەرانبەر ئەو هەنگاوەی بەرپرسانی زیندان دەربڕیوە.

رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان ئەوەیان بە کارێکی نامرۆڤانە لە قەڵەم داوە بۆ فشار خستنە سەر چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەو وڵاتەدا.

جێی ئاماژەیە، ناوبرا و لە باری تەندروستیشەوە لە دۆخێکی پڕ مەترسیدایە و هەر لە بەندی ٢٠٩ی بەندیخانەی "ئێوین"ی تاراندایە، کە راستەوخۆ لە لایەن ئیتلاعاتەوە چاودێری دەکرێت.■

## شنۆ: سوپای پاسداران تۆپخانەیەکی نوێ دەکاتەوە

**چاودێر:** سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەدرێژەی تۆپبارانکردنی ناوچەکانی سەر سنووری هەرێمی کوردستان، چەندین تۆپخانە جێگیر دەکات و هەروەها هێزێکی زۆرتر بۆ شنۆ رەوانەدەکات.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەشاری شنۆ بەرێنیسانس نیوزی راگەیاند: "لەشاری شنۆ لەنێوان دوو گوندی کانی سوور و بێمزورتەلەجێگەی ئاوارەکانی باشووری کوردستانی لەساڵانی پێشوو، کۆماری ئیسلامی ئێران جێگایەکی ئاتەشباری گەورەی داناوە بۆ بۆردومانکردنی ناوچەکانی سەر سنوور کەهێزەکانی پەژاکی تیایە."

لەلایەکی ترەوە رۆژی ٨/٢٤ سوپایەکی زۆر رەوانەی ئەم جێگایەو سەر سنوور کران و بەدرێژایی رۆژیش دەنگی کاتیوشا و تۆپی دوور هاوێژ ئەبیسترا. سوپای ئێران بەناوی مانۆڕی سەربازی لەماوەی هەفتەی رابردوودا دەستی کردوە بە بۆردومانی ناوچەکانی خنێرە و لۆلان و سیدەکان کەبارەگاکانی پەژاکی لێیە.

چوار رۆژ لەمەوبەریش لەشاری شنۆ سێ پاسدار کەوتنە بەر دەستدرێژی چەند کەسێکی نەناسراو، کە دەگوترێت هێزەکانی پەژاک دەستیان لەم کارەدا هەیە.■

## نەغەدە:
## لافاو حەوت کەس دەکوژێت

**چاودێر:** بە پێی راپۆرتێک کە بە دەستمان گەیشتووە، بەهۆی بارینی بارانی زۆر، رۆژی پێنجشەممەی رابردوو، لەئەنجامی لافاودا حەوت هاووڵاتی لەگوندی "شاوەلێ" لەشاری نەغەدە، گیانیان لەدەستداوەو تەنیا تەرمی پێنج کەس لەوانە دۆزراوەتەوە.■

## بەتۆمەتی هاوکاری پژاک چەند کوردێک لەسێدارە دەدرێن

**چاودێر:** سوپای پاسداران و ئیتلاعاتی ئێران ١٣ کوردی دانیشتووی سەر سنووری ئێرانیان دەستگیرکردووەو لەدادگای ورمێ بڕیاری لەسێدارەدان بۆ ٣ کوردی دەستگیرکراو دەر کردووە.

یەکێک لەو کوردە گیراوانەناوی "خالید عێراقی" یەو خەڵکی هەرێمی کوردستانە و ماوەی چەند ساڵێکەدانیشتووی ئێرانەو بە تۆمەتی هاوکاریکردنی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (pjak) بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوە. بە پێی ئەم هەواڵە، دوای بڕیارەکەراستەوخۆ هەرسێ کوردەکەلەسێدارە دراون.■